# یەکەم هەنگاو بەرەو بیناکردنی دوڵەتی یاسا لە عیراقی دوارۆژدا پاکردنەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتە لە بیر و هزری بەعسی شۆڤێنیه. . .

## وتووێژێك لە دکتور مونزر فەزڵدا

ڤینوس فایق "نووسەر و ڕۆژنامەنووس "لە هۆڵەنداوە.



لە لای ڕاستەوە دکتور مونزر لەگەڵ کۆمەڵێك لە تایبەتمەند و کەسایەتی ناسراوی عیراقی، لە دیمەنێکی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ڕۆژی ۲۰۰۲-۱۲-۱٤، لە لای ڕاستی دکتور مونزرەوە سیامەند عوسمان، رند رحیم، دکتور أحمد ئەلچلبی، دکتور کەنعان مەکیە، دکتور ئیهەم ئەلسامەرائی، پارێزەر سالم ئەلچەلەبی و دکتور فەیسەڵ ئیستەربادی. .

مونزر ئەلفەزڵ کەسایەتیەکی یاسایی عیراقی عەرەبە، لە نەوەکانی فوراتی ناوەڕاست، لە شاری نەجەفی ناسراو بە مێژووی نەتەوەیی و زانستی و ئاینی و کولتووری هاتۆتە دونیاوە، ئەو نەجەفەی نەوەکانی بە درێژایی مێژوو پشتگیریان لە مەسەلە ڕەواکەی نەتەوەی کورد کردووە لە دژی دیکتاتوری. . ئەو شارەی یەکەمین گڕی شۆڕشی بیستی تیا هەڵگیرسا و پاشانیش گڕی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ۱۹۹۱. دکتور ئەلفەزڵ یەکێکە لە هاوڕێ هەرە نیزیکەکانی میللەتی کورد و جێی متمانە و باوەڕ و خۆشەویستی میللەتی کوردە بە هۆی هەڵوێستی بوێر و دلێرانەی بەرامبەر بە دۆزی ڕەوای میللەتی کورد و مافی ڕەوای لە هەڵبژاردنی چارەی خۆنوسین و بە تایبەت هەڵوێست و ڕای بەرامبەر بە مەسەلەی فیدرالی، هەروەها لەبەر ئەوەی یەکێکە لەو کەسایەتیە یاساییانەی هەمیشەی هەوڵ و تەقەلایەکی بێ سنووری داوە بۆ بەرز کردنەوەی بینای دەوڵەتی یاسا وبڵاوکردنەوەی کلتوری لێبوردن و چەسپاندنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقی دوارۆژدا، عیراقی دوای ڕووخانی دیکتاتۆری، دکتور فەزڵ هەردەم هەوڵەکانی لە پێناوی بیناکردنی دوارۆژێکی پرشنگدار بووە بۆ عیراقیك لە ئامێزی سەربەستی و دیموکراسی لەسەر بنەمای کۆمەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی. . .

هەر لەبەر گرنگی ئەو تەوەرەو باسانەی تایبەتن بە دوارۆژی عیراق وەك دەستکاری کردن و چاکردنی یاسا عیراقیەکان، فایلی دەستوری هەمیشەیی، فایلی مافەکانی ژن و ڕۆڵی لە بیناکردنی دوارۆژی عیراق، فایلی کوردە فەیلیەکان، فیلی تایبەت بە لێپرسینەوەی دەسەڵاتدارە عیراقیەکان بۆ ئەو تاوانانەی لە دژی میللەتی کورد کردوویانە لە هەڵەبجە وهەوەها تاوانەکانی ئەنفال وئەو تاوانانەی لە دژی نەوەکانی فوراتی ناوەڕاست و باشووری عیراق هەروەها فایلی

مافەکانی مرۆڤ و نەتەوە چەوساوەکانی ناو عیراق لە سایەی ڕژێمی عیراقیدا، بۆیە بەهەلی دەزانم لە میانەی ئەم وتوویژەدا تیشک بخەمە سەر مەسەلەیەکی هێند گرنگ کە تایبەتە بە دوارِۆژی عیراقەوە، ئەویش مەسەلەی پاکردنەوەی کۆمەڵگاو دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە بیر و هزری بەعسی عەرەبی سوسیالیستی. . .

ئێوە چۆن بیری حیزبی بەعس پێناسە دەکەن و چی بکرێ بۆ پاکردنەوەی کۆمەڵگا و دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە بیری شۆڤێنی بەعس ؟

بیری حیزبی بەعس یەکێکە لە بیرە نەتەوایەتیە هەرە ترسناک و خەتەناکەکانی سەردەم کە تاکی عەرەب یان تاکێک بە باڵا و زەبەلاح دەداتە قەڵەم و بەرزی دەکاتەوە و دەیسەپێنێت بەسەر هەموو تاکەکانی تردا، ئەم بیرەش دوای جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵدا، لە پاش هەرەسی نازیەکان و سەر هەڵدانی بیری شیوعی و دیکتاتۆری چینی کرێکار و شاراوەش نیە کوا ئەم بیرە کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیری نازیەوە لە لایەن هەندێ لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی توندڕەوی عەرەب، ئەوانەی پاشان ئەو حیزبەیان پێکهێنا و دروست کرد، و لەو کەسایەتیانەش ساتع ئەلحەسری و میشیل عەفلەق و سلاّح ئەلبەیتار و چەندینی تر. . .

هەر لێرەشەوە گرنگی پاکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگا و دام و دەزگاکانی دەوڵەت دێتە ئاراوە لە عیراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێندا، کە گەلی کوردی دووچاری ئەو هەموو نەهامەتی و چەرمەسەرییە کردەوە، و ڕووبەڕووی ئەو هەموو شەڕ و جەنگ و کارەساتە و ناجێگیری و ناهەمواریە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کردەوە، و نەک هەر کورد و عەرەبی عیراق بەڵکە هەموو ناوچەکەی بەرەو ڕووی گەلێ مەترسی و خەتەرناکی وەستاند و بووە هۆی ناهاوسەنگی و ناجێرییەکی ترسناک لە سیاسەتی سەرتاپای ناوچەکە و زەرەری بێ حەد و بێ شوماری بە هەموو عیراق و ناوچەکەو جیهان گەیاند. .

پاکردنەوەی کۆمەڵگاو دام و دەزگای دەوڵەت لە بیری شۆڤێنی بەعس بە نەهێشتن و قەدەغەکردنی ئەو بیرە لە ناو هەموو دام و دەزگا تازەکانی دەوڵەتدا لە عیراقی دوارِۆژدا دەبێت بۆ خۆ پاراستن لە هەر زەرەر و زیانێک کە دووچاری ناوچەکەو جیهان دەبێتەوە لە دوارِۆژدا بە هۆی ئەو بیرەوە، ئەمەش هەروەک قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم وایە کاتێ کە بە هەموو توانایەکەوە ئەو وڵاتانەی دژ بە بیری نازی بوون هەوڵیاندا سەرتاپای دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاکانیان لەو بیرە ڕەگەزپەرستە پاک بکەنەوە تا وای لێهات ئەوەتا ئێستا لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ماوەیەکی زۆر بەدەست جەنگ و ئاساوارە کوشندەکانی جەنگەوە ناڵاندوویانە قەدەغەکراوە لە سەروو هەموو ئەوەشەوە بیری نازی بە هیچ جۆرێک ناچێتە چوارچێوەی مەسەلەی فرە فیکری و فرە حیزبی لە هیچ لەو وڵاتانە. . و ئەم پاکسازیەش یارمەتی ئەوەمان دەدات بە ئاسانی دەست بخەینە سەر تاونبارەکان و جیاکردنەوەیان لەو کەسانەی لەو تاوانانە بێ تاوان و تاوانباران بە سزای شیاوی خۆیان بگەیەنین. . .

بەڕای ئێوە ئایا لەناو بردن یان گەیاندنی تاوانبارەکان بە سزای خۆیان بەسە بۆ پاکردنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە بیری شۆڤێنی بەعسی؟

سەرچاوەی ترسناکیەکە لە کەسەکانەوە نیە لە بیرە کەدایە، ئەگەرچی بیرەکە کەسەکان هەڵیان گرتووە، لێرەدا مەبەست لەوەیە کەوا عێراقێکی تازەی بینا کراو لەسەر بنەمای یاساو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و کلتوری لێبوردن و دیالۆگ و دان نان بە ئەوی تر، و ڕێزگرتن لە فرە نەتەوەیی و فرە فیکری وز سیاسی و ئاینی، عیراقێکی بەو جۆرە نابێت ڕێگا بدات بیرێکی وەکو بیری بەعسی شۆڤێنی بلاّو بێتەوە و بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان، دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی وەکوو سوید، هۆڵەندا، دەوڵەتە ئەسکەندناڤیەکان و ئەمەریکا و چەندین وڵاتی تر لە یاساکانیاندا بە هیچ جۆرێک ڕێگا نادەن بە بیری نازی تیکەڵ بە یاسا بێت و بلاّو بێتەوە و یان بانگەشەی بۆ بکرێت، چونکە لە سەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگا قەدەغەکراوە چونکە بە پێچەوانەی هەموو بنەماکانی مافەکانی مرۆڤەوەیە و دژ بە کلتووری لێبوردن و لەبەر

ترسناکی ئەو بیرۆکەیەی ئەو بیرە بانگەشەی بۆ دەکات وەک ئەوەی کە تاکێک بە باڵا و سەردار دەزانێت و ئیدی هەموو ئەوانیتر ڕەت دەکاتەوە و و هەوڵی بینا کردنی دەوڵەتی شۆڤێنی هەمەلایەنی لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە دەدات. ئیدی خەتەرناکیەکە لە کەسەکاندا نیە بە هێندی ئەوەندەی لە بیرەکەدایە، ئەو بیرە ڕۆژێک دێت بە تەواوەتی قەدەغە دەبێت و ئێمەش یەکێکین لەو کەسانەی کە بە توندی داوای پاکسازیەکی سەرتاسەرین لەو بیرە و ئاسەوارەکانی لە ناو دەوڵەتی فیدرالی عیراقی دواڕۆژدا دوای کەوتنی سەدام و وەک بیری نازی بدرێتە قەڵەم و مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و لە سەتاپای جیهاندا قەدەغە بکرێ بە هۆی ئەو تاوانانە نێو دەوڵەتیانەی بە ئەنجامیان گەیاندووە هەڵگرەکانی .

**ئەو مەترسیانە چین لە بیری ئەو حیزبەدا کە بە خەتەرناک دەدرێتە قەڵەم؟**

ئەو مەترسیانە بە درێژایی مێژووی ئەو کەسانە دەبینرێت کە هەڵگری ئەو بیرە بوون و کە بەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت دەکرێنەوە کە بریتیە لە بنەڕەتدا لە بیری حیزبی بەعس:

یەکەم: دامەزراندنی یەک دەوڵەتی عەرەبی سەرتاسەری لە دوورگەی عەرەبەوە هەتا دەرای ئەتڵەسی بەهێز.

دووەم: بەرزکردنەوە و بە باڵا دانانی تاکی عەرەب و ڕەت کردنەوە و لەناو بردنی تاکەکانی تر.

سێیەم: فراوانکاری و بڵاوبوونەوە بە ڕێی خوێن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

چوارەم: توند و تیژی بێ سنوور کە یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی ئەو حیزبە کە ئەوەش دژ بە بنەماکانی بانگی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەوەستێتەوە.

پێنجەم: مانەوەی بیری بەعس مانای نەمانی دام و دەزگا دەستووریەکانی دەوڵەتە و مانای سەروەری تاک و پەرستنی تاکەکەسی دەگرێتەوە و ئەوەش دژ بە دەسەڵاتی دەوڵەتی یاسایە.

شەشەم: مەترسیەکی تری ئەو بیرە بە زۆرە ملێ کردن بە ئەندامی خەڵکە و نەهێشتنی سەربەستی ڕای هەڵبژاردن و سەربەستی بیر، ئەمەش دژ بە بنەماکانی کۆمەڵگای شارستانی و دیمەکراسیە.

حەوتەم: مەترسیەکانی تری ئەو حیزبە لودا بەڕوونی بەرجەستە بووە کاتێ هەڵگرانی ئەو بیرە عیراقیان کردە دارستانێک بێ یاسا، لەکاتێکدا عیراق یەکەمین شارستانی مرۆڤایەتی لە سەرەتای مێژوودا بە خۆیەوە بینیوە، و لە ساڵی ١٩٦٨ وەوە بووە بە دەوڵەتێک لە دەرەوەی یاسادا لە کاتێکدا ئەو بیرە شوێنی نیە لە بەرامبەر کلتوری لێبوردن و دروستبوونی بنەماکانی کۆمەڵگای شارستانی و ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و چەسپاندنی ئاشتی .

**پێتان وانیە لەوانەیە بیری ئەو حیزبە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەمێنێت دوای لابردنی سەدام؟**

نەخێر، لەو باوەڕەدانیم لە بەر ئەو هۆیانەی باسم لێوە کردن و هەر لەبەر ئەو مەترسیانەی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەو بیرە دروست دەبن و کە بە پێچەوانەی هەموو بنەماکانی کۆمەڵگای شارستانی و دیمەکراسیەت و دژ بە بیرۆکەی سەروەری یاسا دەوەستێتەوە، و هەر لەبەر ئەوەی ئەو حیزبە باوەڕی ڕەهای بە توند و تیژی و تیرۆر توندڕوی هەیە و لێردا کارکردی مەترسی بەرجەستە دەبێت چونکە ئەو بە هیچ جۆرێک باوەڕی نیە بە ڕێگا ئاشتیانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، و دەبێت چاکسازیەک و پاکسازیەکی سەرتاسەری لە عیراقدا لە ڕەگ و ڕیشەوە بەرێوە بچێت هەر وەک چۆن لە ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕووی دا، بۆ ئەوەی بیری حیزبی بەعس بە تەواوەتی لەناو بچێت، چونکە هەروەک دەبینرێت عیراق بە هۆی ئەوانەوە بوتە ئۆردووگایەک بۆ دەست بەسەر کردن و زیندانیەکی داخراو بەسەر هەر هەموو شتێکدا. .

**بەڕای ئێوە دەبێت گرنگترین ئەو بوارانە کامانە بن کە پرۆسەی پاکسازیەکە لە بیری بەعس دەیانگرێتەوە لە عیراقی دوای کەوتنی سەدامدا؟**

گرنگترین ئەو بوارانە لە دام و دەزگا عەسکەریەکانەوە دەست پێدەکەن، بیٚ لایەن کردنیان، و هەوڵدان بۆ ئەوەی سیاسەت و کاری عەسکەرتاری تێکەڵ بەیەك نەبن، و ئەمەش لە دەوڵەتە دیموکراسیەکانی جیهاندا بپەیڕەو دەکرێت، چونکە لەبەرامبەر ئەوەدا تێکەڵ کردنی بواری عەسکەری بە بیری حیزبی و سیاسی تەنها لە سیستمی تاکە حیزبیدا هەیە، هەروەها لەو بوارانەی دەبێت پاکسازیەکە بیگرێتەوە دام و دەزگاکانی خوێندن و فێربوون و قەدەغە کردنی بە سیاسەت کردنی بوارەکانی خوێندن و پەروەردە و دەبێت سیاسەت لەو بوارانە دوور بخرێتەوە.

هەروەها گرنگترین مەسەلە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتە و قەدەغرکردنی بە سیاسەتکردنی ئاین، یان بە کارهێنانی ئاین بۆ خزمەتی سیاسی یان بە پێچەوانەو، پاشان لەهەموو ئەوانەش بە ڕای من گرنگتر جیاکردنەوەی کاری دادوەریە لە کار و باری سیاسی و پاکردنەوەی دام و دەزگا یاسایی و دادوەریەکانە لە کاری سیاسی. .

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت